# ماتماتیکی دڵگەش و لۆژیکی ئۆتیزم لە ماڵێکدا



دڵگەش مامۆستای ماتماتیکە، منداڵێکی ئۆتیزمی هەیە، ساڵی جارێك دڵگەش مۆڵەتی بەخێوکەری پێدەدرێت تا لە ماڵەوە خەریکی ڕاهێنانەوەو مەشــقپێدانی منداڵەکەی بێت، گەرچی لە شارێکدا کە سەنتەری هاوچەرخی شــیاندنەوە بوونی نەبێت، ئەم مۆڵەتپێدانەی دایکانی منالانی خاوەن پێداویســتی تایبەت، تا ڕادەیەك بڕیارێکی دروستە، هەر کەس دابێتی، لە کرۆکی هەستی مرۆڤایەتیەوە دراوە، بــەڵام هەرچۆنێك بێت، خۆ دڵگەش لــە ناو چواردیواری ماڵەوە بە نەخۆشــێکەوە زیندانیکراوە، لە پێناوی ڕاهێنانــەوەی منداڵەکەیدا قوربانــی بە ئەرك و کاری پیشــەیی و کۆمەڵایەتی خۆی دەدات، دەســبەرداری بازارکردن و گەڕان و چێژەکانی مێینەیی خۆی بووە، گەرچی منداڵەکەی دڵگەش نە ئەرکی قوتابخانەو نە مامۆســتای تایبەت و نە لاپتۆپ و ئایپاد کڕین و نە پارەی پێویستی بۆ چوونە گەشت و سەیران و گەڕانی بە ناو کافتریای شەوانە و مەلەوانگەی داخراو و ئەم چێژوەرگرتنــە گەنجانەییانەی تری هیچ نییە، بەڵام ڕۆژانە بە بەرچاوی دایك و باوکیەوە وەك تۆپەڵێك گۆشــت و ئێسك گــەورە دەبێــت و وەك درەختێکی زڕی بێ بەرهــەم، بێ کارو بێ ئەنجام لە ژیاندا دەڕسکێت، ڕۆژانە هیچ نوێبوونەوەیەك لە ناو ماڵی دڵگەش بەدیناکرێت، شتێك نییە بە ناوی نەمرێتی چەکەرەی دابێت؛ شتێك نییە بە ناوی داهێنان بۆ دەوروبەرو جیهان پشکوتبێت، لە ڕێی مەشقپێدانی کەســێکی کەمژیرەوە بۆ کەسی مەشقپێدەر چرکەکانی تەمەنــی هەردووکیــان خێرا دەبنــەوە، کاتــێ مێردەکەی دڵگەش خانووەکەی پــڕی لە ڕووناکایی ئەلیکتریکــی دەکرد، دڵگەش بە خۆی دەوت ڕووناکایی ناو ماڵ لە ژمارەی بلاجکتۆرو گلۆپەکانیدا نییە، هێندەی لەوەدایە بەهای ئەندامانی خێزان چەند ڕۆشنکەرەوەن بۆ دەوروبەریان بەو کارو چالاکیانەی لە ژیاندا ئەنجامی دەدەن، بەڵام ماڵێك کە خاوەن پێداویســتیەکی تایبەتی وەك ئۆتیزمێکی تێدا بێت، شیرازەی هاوســەنگێتی لە نێوان ئامرازو مەبەستەکانی بەختەوەری لــێ تێکدەچێت، هەموو ماڵەکەی دڵگــەش پڕ گوڵ و ئینجانەش بکرێــت، ناگاتە نیو چارەگی بۆنی ئەو عەترەی کە منداڵەکەی لە کاتی ڕۆیشــتنی بۆ ناو برادەرەکانیــی لە بن باخەڵی خۆی بدات، خۆ ئیتر ئۆتیزم برادەریشــی نییە، هەمیشــە وا دیار دەکەوێت کە نەبوونی هاوسەنگێتی لە نێوان ئامرازو مەبەستەکانە کە مرۆڤێکی ئاسایی لە ئامێرێك جیا دەکاتەوە، منداڵە ئۆتیزمەکەی دڵگەش ئەو ئامێرەیە کە ڕۆژانە پێویســتی بە گریسکردن و هاوشێوە سووڕانەوەو خولانەوەی بۆربرینگە دەقبەســتوو کلێشــەبەندەکانە، منداڵەکانی تریشی خســتۆتە ناو ســووڕانەوەی خۆیەوەو ئەوانیشی دابڕاندووە لە کەســوکارو برادەرانــی و ئامانجە بە ســوودەکانی تری دنیای دەوربەریان، هەمیشە ئەو پەندانە دەبیستین ئەگەر مرۆڤێك ددانێکی یان ئەندامێکی لەشــی بیەشــێت هەموو ئەندامانی تری لەشــی بۆی بە ئازار دەبن، منداڵی ئۆتیزمیش لە ناو خێزاندا هاوشــێوەیە، بە گریانەکانی هەموو خوشــك و براکانی دەتاســێنێ، بە پەرکەم گرتنەکانی، کــەف لە ڕۆحی دایکی دێتــە دەرەوە، بە جووڵانەوە ئامێریەکانی دەست و پێی باوکی لە کاردەوەستێن، لە کۆمەڵگەیەکی بەرکاری مەســرەفچی بێ بەرهەمدا، هەموو کەسێك بە تێرکردنی ئارەزووە خۆشــگوزەرانیەکانی خۆیەوە خەریکە، کەس نایەوێت ماڵی دڵگەشەکان بەســەر بکاتەوە، لە کۆمەڵگەیەکی وادا ئەگەر ماڵی دڵگەش بــە منداڵە ئۆتیزمەکەشــیەوە بســووتێت؛ ماڵی هەموو گەڕەك ناسووتێت، کەواتە کامەیە ئەو بەرژەوەندییەی کۆمەڵگا کە پەیوەســت بێ بە بەرژەوەندییەکانی تاکەکانەوە، کوا دروشمەکانی خۆشگوزەرانی تاکەکان بەندن بە ئاسوودەیی کۆمەڵگەوە؟!

دڵگــەش ئەم درۆ گەورانەی نــاو کۆمەڵگەی لە هەموان باشــتر ئەزموون کردووە، ئــازاری خۆی تەنیا بــۆ ئەندامانی ماڵی خۆیەتی و بــەس، تەمەنی منداڵە ئۆتیزمەکەی دڵگەش گەیشتۆتە شازدە ساڵ و بە درێژایی ساتەوەختانی گەورەبوونی، بەم شــێوەیە حکومەت نەیتوانیوە تاقە ســەنتەرێکی هاوچەرخ بۆ شــیاندنەوەی منالی دڵگەشــەکان بکاتەوە، تا هەم ڕۆژانە بۆ چەنــد کاتژمێرێك لە ماڵە بە قفڵ داخــراوەکان منالەکەی دەربهێنن و هەم دایکی خاوەن پێداویســتە تایبەتەکانیش بڕۆنەوە بۆ سەرکاری خۆیان و ساڵی جارێك بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بیست و شەش فەرمانگەو سەدو دوازدە واژۆ بەسەر مامەڵەی مۆڵەت بە موچەی تەواوەوەی پێ بە منەتــەوە نەدرێتەوە بە چاویاندا، هەرگیز قسەی بەڕێوبەری مۆڵەتی وەزارەتەکەی لەبیرناچێتەوە کــە پێــی وت(مەمنونی حکومــەت بن بە موچــەوە مۆڵەت وەردەگرن)، ئەمیش لە شــوێنی خۆیدا پێــی وتەوە (مەمنونی حکومەتێکم کە ڕۆژانە هەندێ باری شانم بە ڕاهێنانەوەی چەند کاژێرێکی منداڵەکەم سوك بکات و منیش سەربەرزانە لەو کاتانەدا ماتماتیك بە منالەکانی ئێوە بڵێمەوە) بەو شێوەیە مانەوەی ژیان سوودبەخشــە کە ببێتە ئامانج بۆ دڵگەشــەکان و ببێتە بەخشش بۆ ئەو مامۆســتایانەی کــە منداڵی ئۆتیزمیــان هەیە و بێ منەتانە چەند کاژێرێك بچنە سەر کارو ئەرکی خۆیان و کەسیش منەتی مۆڵەتیان لەسەر نەکات، هەرگیز ئەمە کەمکردنەوە نییە لە بەهــای مانەوەی مرۆڤێك بۆ ژیان، بەجێهێشــتنی دڵگەش بــە تاقی تەنیــا لەگەڵ منداڵــە ئۆتیزمەکەیدا ئــازادی تاك و ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتی لە ژیاندا لاســەنگ دەکات، ئەو مۆڵەتپێدانە ساڵانەیەی دڵگەش و دەستەخوشکانی کە وەریدەگرن دەستخســتنە بینەقاقایانە، خنکاندیانە لە ناو چواردیواری ماڵ و دابەســتەکردنیانە لەبەردەم ئامێرێکی مرۆڤانەدا، زەوت کردنی ئازادی تاکە کەســییانە بۆ خاتری ئەرکێك کە بێ بەرهەمە بۆ کۆمەڵگە، لە کاتێکدا ئەرکــی کۆمەڵگەو حکومەتە هاوکاری یەکتر بن بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی تاکەکان، ئازاری دڵگەش تەنیــا بۆ بینینی منداڵە ئۆتیزمەکــەی نییە کە جاریش هەبووە جێی گاڵتــەو لاقرتێی منداڵانی تری دەوربــەری بووە، بەڵکو ئازارەکەی ئەو لە دەستدانی بڕواو متمانەیەیە بە کەسانی تر کە وەك ئەوەی ناتوانن هاریکاری منداڵێکی ئۆتیزم بن، ناشــتوانن منداڵەکانی خۆیان پەروەردە بکەن لەســەر ئەوەی پێشــکەوتنی کۆمەڵگە بە واتای چاوی خۆیــان بکەنە بینایی بۆ نابینایەك و گوێی خۆیان بکەنە بیســتن بۆ نابیســتایەك و زمانی خۆیان بکەنە قســە بۆ لاڵێك و باڵای بەژنزراڤی خۆیان بکەنە بەرزێتی دەروونی کورتە باڵایەك و مێشکی خۆیان بکەنە ئاوەزو خەیاڵ و بیر بۆ منداڵێکی ئۆتیزم، ئەو کاتە ئەو پەندە ڕاست دەردەچێت کە دەڵێت ئەندامێکی لەشت بسووتێ هەموو ئەندامانی تری لەشت شەونخونی بۆ دەکێشێت، بۆدڵگەش ئەم پەندە بێ بنەماو ناڕاستە، پوچە، چونکە دڵگەشــەکان بۆ گێڕانەوەی هیوا پێویســتیان بە دەرفەتە، بــە منداڵێکی ئۆتیزمەوە گیریان خــواردووەو هەموو کۆمەڵگەش نیشــانەی پرسیاریان بۆ خســتونەتە سەر دەرگای حەوشەی ماڵەکەیان.

**ئەگەر مرۆڤێک ددانێکی یان ئەندامێکی لەشی بیەشێت هەموو ئەندامانی تری لەشی بۆی بە ئازار دەبن، منداڵی ئۆتیزمیش لە ناو خێزاندا هاوشێوەیە، بە گریانەکانی هەموو خوشک و براکانی دەتاسێنێ، بە پەرکەم گرتنەکانی، کەف لە ڕۆحی دایکی دێتە دەرەوە، بە جووڵانەوە ئامێریەکانی دەست و پێی باوکی لە کاردەوەستێن**

**پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە واتای چاوی خۆیان بکەنە بینایی بۆ نابینایەک و گوێی خۆیان بکەنە بیستن بۆ نابیستایەک و زمانی خۆیان بکەنە قسە بۆ لاڵێک و باڵای بەژنزراڤی خۆیان بکەنە بەرزێتی دەروونی کورتە باڵایەک و مێشکی خۆیان بکەنە ئاوەزو خەیاڵ و بیر بۆ منداڵێکی ئۆتیزم**

# یاساکان بەئاسانی دەردەچن و هەمواردەکرێن

# بەڵام جێبەجێکردنیان ئاسان نییە



**گەرچی لە هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بەشداریی ئافرەت لە رێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و تەنانەت لە پەرلەمان و حکومەتدا رێژەیەکی بەرچاوی هەیە و ئافرەتان تا رادەیەك لە دارِشتنی یاسا و جێبەجێکردنیدا بەشدارن و زیاتر مافەکانی خۆیانی تێدا مسۆگەر دەکەن، لێ چالاکانی بواری مافی مرۆڤ جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەرلەمانتارانی ئێمە ئەوەندەی گرنگی بە یاسادەرکردن و هەموارکردنەوەی دەدەن، ئەوەندە بایەخ بە بەدواداچوون و دۆزینەوەی رێکارەکانی جێبەجێکردنی نادەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی (گوڵان) لەو بارەیەوە را و بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. رێزان عەلی مامۆستا لەبەشی دەروونزانی کۆلێژی پەروەردە، سەبارەت بە تەوەری ئەم راپۆرتەی گوڵان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە هەمیشە ئەو یاسا و رێنماییانەی کە لە وڵاتانی دیکە وەردەگیرێن، بەدواداچوونی ئەوەی بۆ ناکرێت کە ئایا لەگەڵ کەلتوور و نەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا دەگونجێت، یان نا، لە کاتێکدا بمانەوێ و نەمانەوێ کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە بەگشتی لە رووی هۆشیاریی تاکەکانەوە لەگەڵ وڵاتێکی وەکو ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی زۆر جیاوازە. بۆیە وا پێویست دەکات سەرەتا کۆمەڵگە لە ئاست رۆڵ و پێگەی ئافرەت زیاتر هۆشیار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی پێگەی ئافرەت وەك واقیعی خۆی سەیر بکرێت، نەك بەردەوام نزم بکرێتەوە. گوتیشی: «ئافرەت لەیەك کاتدا دوو رۆڵی گرنگ دەگێرِێت، واتە وێرِای ئەرکی ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵ، لە دەرەوەش شانبەشانی پیاو کاردەکات، بەڵام لێرە بە پێچەوانەی وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپی، هەتا ئێستاش ئافرەت هەر پاشکۆی پیاوە و تەنانەت گەر پۆستی بەرزیشی هەبێت، لە کۆتاییدا هەر پێی دەگوترێت ئافرەت و بەپلە دوو دادەنرێت».

د. محەمەد شوانی مامۆستا لە کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین، رایوایە: «دەرکردنی یاسا و پەیرەوکردنی پەیوەندی بە رەوشی کۆمەڵگەوە هەیە، لە وڵاتێکدا کە هێشتا ئازاد نەبووبێت و ئەو کلتوور و ئاکارە نەتەوەییەی کە هەیەتی، خۆی هەڵینەبژاردبێت، بەڵکو بەسەریدا سەپابێت، بێگومان زەمینەی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە ئاسان نییە و نابێتە رووکاری پێشکەوتن، چونکە بەلاساییکردنەوەی یاساکانی کۆمەڵگەکانی دیکە دروست بوون، دەکرێ بە سوودوەرگرتن لە یاسا پێشکەوتووەکانی وڵاتانی دی، رەوشی کۆمەڵگە پێش بکەوێت، بەڵام ئەگەر واقیع و رەوتی کۆمەڵگەکەمان لەو ئاستەدا نەبێت، یاساکە جێبەجێی ناکرێت.

ئاسۆ کەریم ئەندامی خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە رای خۆی دەردەبرێت: «وتەیەك

هەیە دەڵێت: هەرکاتێ یاسا جێبەجێ نەکرێ لە حوکمی نەبووندایە، بەداخەوە ئەوەش لە هەرێمی کوردستان بەرچاو دەکەوێت، نەك هەر لەو یاسایانەی کە تایبەتن بە مافەکانی ئافرەت، بەڵکو چەندین یاسای دیکە دەرکراون، بێئەوەی کاریان پێ بکرێ. نموونەی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری، یاسای مافەکانی دانەر و چەندین یاسای دیکە، جگە لەوەش یاسایەکی وەکو توندوتیژی خێزانی نەك هەر پارێزگاری لە ئافرەت دەکات، بەڵکو پارێزگاری لە کۆی ئەندامانی خێزان لە پیر و منداڵ و ئافرەت دەکات»، گوتیشی: «من لەگەڵ ئەوەدانیم کە یاساکان هەموار نەکرێنەوە، چونکە ژیان بەرەو پێش دەڕوات و پێویستە یاساکان لەگەڵ سەردەم بگونجێن، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانەوە دەبێت ئامانجی جێبەجێکردنی یاساکە لە سەرووی دەرکردن و هەموارکردنەوەی بێت، چونکە دیارە زەرورەتێك هەبووە، بۆیە یاسا دەرکراوە، بۆیە جێبەجێکردنیشی لە دەرچوونی یاساکە گرنگترە».

حاجی عزەدین راوێژکاری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە لە ماوەی رابردوودا دوای گفتوگۆکردن و کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دادوەری و لیژنەی یاسایی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بیریان لەوە کردووەتەوە کە کارێك بکەن بۆ ئەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە ڕێکوپێکی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، گوتیشی: «گەرچی دەستکاریی چەند بڕگەیەکی یاساکەمان کرد، بەڵام گرفتی ئێمە ئەوەیە لە رووی داڕشتنەوە ناڕوونی لە بڕگە یاساییەکاندا هەیە، کەسانی شارەزا و پسپۆڕانی داڕێژەری یاساکان تایبەتمەند نین لە بوارەکەی خۆیاندا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من پێموا نییە کە گرنگی زیاتر بە هەموارکردنەوە و دەرچوونی یاسا دەدرێت و بایەخ بە جێبەجێکردنی نادرێت، یاسایەکی وەکو توندوتیژی خێزانی بڕگەی تێدایە بۆ جێبەجێکردنەکەی و پێویستی بە بودجەیەکی زەبەلاح هەیە کە لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بە ئاسانی دابین ناکرێت، بە شێوەیەکی گشتی دوو ئامانج لە درکردنی یاسادا هەیە، یەك پاراستنی ئازادی تاکە کەس و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانە، دوو پاراستنی قەوارەی کۆمەڵگە و دەستەبەری پێشکەوتن و گەشەسەندنی، ئامرازی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەم دوو مەبەستەش بریتییە لە گونجاندنی لە نێوان ئاراستەی تاکە کەسەکان و بەرژەوەندییەکانیان لەلایەك کە زۆرجار هاودژە لەگەڵ ئەو پارێزگارەی کە یاسا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگە دایناوە».

پەرلەمانتار تەلار لەتیف ئەندامی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەشی یەکەمی بابەتەکە پەیوەندیدارە بە ڕێکاری یاسادانانەوە کە بەرپرسیارە لە هەموارکردنەوە، یان تەشریحکردنی ئەو یاسایە و دەرچوونی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستە بە باشترکردنی رەوشی ژنان لە هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا لەوانەیە هەندێ لە ماددەکان ببێتە هۆی جیاکاری رەگەزی، یاخود ببێتە هۆی پێشێلکاری بەرامبەر بە مافەکانی ژنان، بەداخەوە چەندین یاسای کۆنمان هەیە کە یاسای سەردەمی رژێمی پێشووی بەعسە کە چەندین ماددەی تێدایە و پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بە یاسا کار لەسەر چەسپاندنی مافەکانی ژنان بکەین، بەشی دووەمی باسەکە چاودێری کردنە، لێرەوە پێویست دەکات زۆربەی ئەو بڕیار و یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لە ڕێگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بەدواداچوون لەسەر میکانیزمی جێبەجێنەکردنی یاساکان بکرێ، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی یاساکان بە ئەندازەی جێبەجێکردنی گرنگە»، ئەوەشی خستەڕوو کە لە ساڵی ٢٠٠٨ یاسای باری کەسی لە پەرلەمانی کوردستان هەموارکراوەتەوە، بەڵام چەندین ماددەی وەستێندراوە و کاری پێناکرێت، ئەوەشی بە «گرفتێك لە بەردەم بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگە» ناوبرد و هاوکات گوتی: ناکرێ ئێمە بە هۆکاری جۆراوجۆر دەستووری عێراق بکەینە بیانوو بۆ ناڕوونی ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، ئەو گرفتانەش ئەرکی پەرلەمان و پەرلەمانتارە و لە ئێستادا ئیشی لەسەر دەکەین، لەلایەکی دیکەوە راستە ئێمە ناتوانین بەدواداچوون لەسەر کارەکانی ئەنجومەنی دادوەری بکەین، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی درووستکردنی هەماهەنگییەك لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەریدا کار لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان بکەین، بەتایبەتی ئەو بڕگە و ماددانەی پەیوەستن بە یاساکانی تایبەت بە ژنان، نموونەی یاسای باری کەسی، لە ئێستاشدا لیژنەیەکی هەماهەنگی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری و پەرلەمانی کوردستان دروستبووە، بۆ ئەوەی بە هەر شێوازێك بێت، یاساکان وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت.

د. ڕێزان عەلی، چارەسەر لەدوو هەنگاوی گرنگدا دەبینێتەوە کە بریتین لە: «هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە هەردوو رەگەزەوە، لەگەڵ زیاترکردنی ڕێژەی ئەندامانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان»، گوتیشی: «بەحوکمی ئەوەی یاساکان لە پەرلەمانەوە دەردەچن و بڕیاریان لەسەر دەدرێت، بە پێویستی دەزانم ڕێژەی ئافرەتانی پەرلەمانتار زیاتر بکرێت، چونکە ئافرەت زیاتر لە ئێش و ئازار و موعاناتی هاوڕەگەزەکانی تێدەگات».

د. محەمەد شوانی باشترین هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە لە «پشت بە خۆ بەستن بۆ برزکردنەوەی رەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و گۆڕینی سیستەمی ژیانی تاکەکان و جێبەجێکردنی بنەما مرۆییەکان» دەبینێت، گوتیشی: «ئێمە لەلایەك داوای نەهێشتنی توندوتیژی دەکەین و لەلایەکی دیکەوە هێشتا کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە، هێشتا لایەنی دینی و لایەنی دابونەریتی کۆمەڵایەتی مۆرکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی پێوە دیارە، کۆمەڵگە بەگشتی پیاوی خۆش دەوێت، هەتا ئەو رەوشە نەگۆڕین، دەرکردنی یاسا سوودی نابێت، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانە و ئاسایی خەڵکەوە هەیە، لەوانە چۆنیەتی کارکردن، چۆنیتی دامەزراندن، چۆنیەتی رەخساندنی هەلی کار، چۆنیەتی پەروەردە و خوێندن».

ئاسۆ کەریم سستی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا دەخاتە ئەستۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەك چارەسەریش پێشنیار دەکات «پەرلەمان بەدواداچوونی جددی بۆ ئەو یاسایانە بکات کە دەریدەکات و هەوڵ بدات خاڵی لاوازی ئەو سستە جێبەجێکردنە بدۆزێتەوە، چونکە دەرچوونی یاسا و جێبەجێنەکردنی پێشێلی یاسایە، لەلایەکی دیکەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئافرەتان لەگەڵ حکومەت و پەرلەمان کۆببنەوە بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان یاساسەروەری خۆی بنوێنێ».

حاجی عزەدین، وەك چارەسەر بە پێویستی دەزانێت گونجاندن و هاوسەنگی هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکان چۆن ئازادی و بەرژەوەندی تاك دەپارێزێ، بە هەمان شێوەش پارێزگاری لە قەوارەی کۆمەڵگە بکات، بۆ ئەوەی شیرازەی کۆمەڵگە تێك نەچێت. گوتیشی: «پێویستە پەرلەمان کە یاسایەك دەردەکات، مادام بۆ خەڵکە بیخاتە بەر دەستی خەڵك و بڕیاری لەسەر بدەن، هۆکاری هەموارکردنەوەی یاساکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یاساکان پێش جێبەجێکردنی ناخرێنە بەر دەستی تاك بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات».

ئاسۆ کەریم:

**پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئافرەتان لەگەڵ حکومەت و پەرلەمان کۆببنەوە بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان یاسا سەروەریی خۆی بنوێنێ**

پەرلەمانتار تەلار لەتیف:

**ڕاستە ئێمە ناتوانین بەدواداچوون لەسەر کارەکانی ئەنجومەنی دادوەری بکەین، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی درووستکردنی هەماهەنگییەک لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەریدا کار لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان بکەین**

د. ڕێزان عەلی:

**بە حوکمی ئەوەی یاساکان لە پەرلەمانەوە دەردەچن، بە پێویستی دەزانم ڕێژەی ئافرەتانی پەرلەمانتار زیاتر بکرێت، چونکە ئافرەت زیاتر لە ئێش و ئازار و موعاناتی هاوڕەگەزەکانی تێدەگات**

# کەمئەندامانی دەرەوەی حزبەک

**گەرچی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە بایەخ و گرنگییان بە هاریکاریی کەمئەندامان داوە، بەڵام کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو هاوکارییانە لە ئاستی پێویستدا نابینن، هاوکات ئەو کەمئەندامانەی کە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نین، خۆیان زیاتر بە «مەغدوور» دەزانن، چاودێرێکی کۆمەڵایەتیش باس لەوە دەکات کە دەبووا لە ساڵی ٢٠١٠ سەرجەم کۆمەڵە و رێکخراوەکانی تایبەت بە کەمئەندامان یەکبگرنەوە و ببنە یەك رێکخراو، بەڵام تا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە.**

نابینایەك:

**هەموو کەمئەندامێک کەسێکی حزبی نییە، جیاوازیی ئەدای کۆمەڵەکانی کەمئەندامانیش وایکردووە بەرژەوەندی کەمئەندامان بەگشتی و ناحزبییەکان بەتایبەتی پەراوێز بخرێت**



«سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە هەموو کەمئەندامێك کەسێکی حزبـی نییە، جیاوازیی ئەدای کۆمەڵەکانی کەمئەندامانیش وایکردووە بەرژەوەندی کەمئەندامان بەگشتی و ناحزبییەکان بەتایبەتـی پەراوێز بخرێت، بێگومـان هەتا ئەو رێکخراوانە یەکنەگرنەوە، کێشـەکان چارەسـەر نابێت، تاکـە رێگە لەوەدایە کە بتوانرێت چەترێکی هاوبەش بۆ هەموو رێکخراوەکانی کەمئەندامـان دروسـت بکرێت». ئەوە قسـەی محەمـەد رەسـووڵ بوو. ئـەو وەك گەنجێکی نابینا گلەیی لـە کۆمەڵەکانی تایبەت بـە کەمئەندامـان هەیـە و دەڵێت: «بێگومان ئامانجی هەموو کۆمەڵەکان یەك شتە، بەڵام نازانین بۆچی دابەشبوون، ئەوەتا لە سلێمانی کۆمەڵەیەك و لە هەولێر کۆمەڵەیەکی دی هەیە، لە کەرکووکیـش دوو کۆمەڵە هەیە، کە هەر یەکەیان سـەر بە حزبێکن، ئەمە وایکردووە جیاکاری بکرێـت، بـەڵام ئەگـەر کۆمەڵەکان یەکبگرنـەوە، بێگومان باشـتر دەتوانن خزمەت بکەن، چونکە هیچ جیاوازییەك لە ئەدای کارکردنی کۆمەڵەکاندا نامێنێت و باشـتر دەتوانن مامەڵە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداردا بکەن» .

محەمەد داواشـی کرد زیاتر گرنگی بە رۆڵـی گەنجانی خاوەن پێداویسـتی تایبەت بدرێت و بە شێوەیەکی کاراتر بهێندرێنە پێشەوە بۆ ئـەوەی بتوانن خزمەتی زیاتـر بە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بکەن، گوتیشـی: «ئێمـەی گەنجان زۆر حەزمان لەکارکردنەو دەتوانین زیاتر خزمەت بە کەمئەندامان بکەین، بیـر و فکری نوێمان لایە و هیـوادارم کۆمەڵەکان بواری زیاترمان بۆ بڕەخسێنن».

**کەمئەندامانی دەرەوەی حزبەکان زەرەرمەندی یەکەمن**

فەرەیدون بێوار سەرۆکی رێکخراوی هوما بۆ تووشبووانی ئۆتیزم لە کوردسـتان، جەخت لـەوە دەکاتەوە کە «کە حزبی بوون عەیب و عار نییە بۆ کەسـەکان، بەڵام ناکرێ بە ناوی چین و توێژێکی وەك کەمئەندامان کاری حزبی و سیاسـی بکرێت، ئەوەشی دووپات کردەوە کە «بەحزبیکردن بۆتە هۆی ئەوەی داخوازییەکانی کەمئەندامان پشتگوێ بخرێت و زیاتر کارە حزبییـەکان گرنگی پێبدرێت». بێـوار زیاتر گوتی: «دابەشـبوونە حزبییەکانـی رێکخراوەکانـی کەمئەندامان وایکـردووە کە سسـت و ناچالاك بن و لـە هەندێك بابەتدا هەڵوێسـتیان نەبێت و بێدەنگ بن، بـەوەش نابنە نوێنەری راستەقینەی کەمئەندامان»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «بە دەیان کۆمەڵەی وێکچوو هەیە و دەبووا لە سـاڵی ٢٠١٠ـەوە سەرجەم ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانەی تایبەتن بە کەمئەندامان لە سـلێمانی و هەولێر بوونیان هەیە، یەکبگرنەوەو ببنە یەك رێکخراو، بەڵام تائێستا یەکیان نەگرتۆتەوە، ئەم سست بوونە دوو لایەنەیـە، لایەنێکی دەگەڕێتەوە بـۆ خودی رێکخراوو و کۆمەڵـەکان کە چالاك و ئەکتیڤ نیـن و خۆیان خاوەن هەڵوێست و بڕیار و پرۆژە نین».

**رێکخراوەکانی سەر بە حزبەکانیش کاریان بۆ کەمئەندامان کردووە**

سـەرۆکی رێکخراوی هوما بۆ تووشـبووانی ئۆتیزم لە کوردسـتان رایوایە: «هەموو ئـەو کۆمەڵە و رێکخراوانەی سەر بە حزبن، کار و چالاکییان بۆ کەمئەندامان ئەنجام داوەو خزمەتیان کردووە، بەڵام دەتوانرا باشتر کار بکەن و زیاتر فشار

دروســـت بکەن بۆ ئەوەی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان زیاتر گویّ لە کەمئەندامان بگرن و ژیان و گوزەرانیان باشتر بکەن و ژیانێکی مرۆیی و ئاساییان بۆ دابین بکەن.»

لــە لای خۆیەوە ســـەرۆکی کۆمەڵـــەی کورتەباڵایانی کوردستان (دڵشاد قادر خۆشناو)، ئەوەی بۆ گوڵان خستەڕوو کـــە «جیاکارییەك لە کۆمەڵـــەی کەمئەندامان هەیە، بەڵام هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند ســـاڵەی کە ناکۆکی لەنێوان لایەنـــەکان هەبوو، کە ئەو کات تەواوی ڕێکخراوەکان هەریەکەیـــان بەجیا کاری خۆیان دەکرد، ئەمەش کێشـــەیەك نییە تەنیـــا ڕێکخراوەکانی کەمئەندامانی گرتبێتەوە، بەڵکوو هەموو ڕێکخراوەکان و سەندیکاکانی گرتۆتەوە». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە تائێســـتا هەوڵی یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکان بەردەوامـــە و ئیرادەیەکیش هەیە بـــۆ یەکدەنگکردنی هەموو کەمئەندامانی کوردســـتان، هـــۆکاری یەکنەگرتنەوەی ئەو ڕێکخراوانەشـــی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «لەسەر سیستەمی ســـەرۆکایەتی ڕێکخراو پێکنەهاتوون، گوتیشی: «لە خاڵە چارەنوسسازەکاندا جۆرە هاوبەشییەك لە نێوان ڕێکخراوەکاندا هەبـــووە و هەموو ڕێکخـــراوەکان بۆ دەســـتەبەری مافەکان کاریان کردووە، ڕێکخراوەکانی هەولێر و ســـلێمانی و دهۆك و کەرکووکیش کاری هاوبەشیان ئەنجام داوە».

دڵشـــاد زیاتر گوتی: «هەموو لایەك هەوڵی ئەوەمان داوە کە پێکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی ســـەرکەوتوو بین و جیاوازی لە نێوان ڕێکخراوەکاندا نەبێت، پشـــت بەخوا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین لە نزیکترین کاتدا ئەنجامێکی باشمان هەبێت».

عومـــەر کەریم محەمەد لێپرســـراوی گشـــتی یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان، سەبارت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی: «بوونـــی ژمارەیەك کۆمەڵەی جیـــاوازی تایبەت بە کەمئەندامان بـــۆ چۆنێتی کەمئەندامـــان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە پێداویســـتییەکانی کورتەباڵایەك جیاوازە لەگەڵ کەســـێك کە کەمئەندامە و بەشـــێکی جەستەی لەدەستداوە، بۆیە چەندین ڕێکخراوی کەمئەندامان هەن کە هەریەکەیان بە جۆرێك کاردەکەن و سیســـتەمێکیان هەیە، بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە چـــۆن پەرتەوازەیی بەرۆکی هەمـــوو جومگەکانی لە هەرێمی کوردســـتان بە ئیدارە و ڕێکخراوەکانەوە گرتووە، ئاوەهاش بەرۆکی ڕێکخروەکانـــی کەمئەندامانی گرتۆتەوە، ئەمەش شـــتێکی حاشـــا هەڵنەگرە». گوتیشـــی: «گەر ئێمە تەماشـــا بکەین، دەبینین لە شـــاری سلێمانی یەکێتی کەمئەندامان هەیە و کۆمەڵەی ڕۆژ هەیە، لەشـــاری هەولێر کۆمەڵـــەی ژین هەیە، من خۆم کاری هەریەکەیان بە بەرزی دەنرخێنم، ناکریّ بڵێین خزمەتیان نەکردووە، بەڵام پەرتەوازەیی ڕێکخراوەکان وایکردووە بەشێکی کێشەکان درەنگتر چارەسەر بێـــت، هەرچەندە ئێمـــە وەك ڕێکخراوەکانـــی کەمئەندامان ئەگەر نەبینە یـــەك کۆمەڵەش، ئەوا دەتوانین لەژێر چەتری یەك گرووپـــدا کاربکەین کە پێی دەگوترێت فیدراســـیۆنی کەمئەندامانی کوردســـتان، یان گرووپی کۆدەنگی، چونکە هەموومان یەك ئامانجمان هەیـــە و داخوازی کەمئەندامێك لە زاخۆ لەگەڵ کەمئەندامێك لە خانەقین یەك شـــتە، واتە ئەگەر من لە سلێمانی کێشەی سەرکەوتنی پلیکانم هەبێت، کەمئەندامێك لە دهۆکیش هەمان کێشەی هەیە».

عومەر کەریم هیوای خواست ڕێکخراوەکانیان یەکبگرنەوە و لەژێر یەك چەتردا کاربکەن، گوتیشـــی: «هەوڵێك هەیە بۆ یەکڕیزی و کۆمەڵێك دەســـتکەوتی باش بەرهەم هاتووە و توانیومانە ڕۆڵی باش بگێڕێن، لەداهاتووشـــدا لەو باوەڕەدام کە دەکرێت چەترێکی هاوبەش دروســـت بکرێت، وەك ئەوەی لەسەر ئاستی عێراق (تەجەموعی معەوقینی عێراقی هەیە، کە هەموومان ئەندامین لەو ڕێکخراوەدا، پێشـــنیار کراوە لە کوردســـتانیش هەمان کۆڕبەند دروست بکرێت و هیوادارم لە نزیکترین کاتدا ئەو ئەنجامەمان هەبێت».

سەرۆکی ڕێکخراوی هوما:

**حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان نایانەویّ گویّ لە کەمئەندامان بگرن و ژیان و گوزەرانیان باشتر بکەن**

چاودێرێکی کۆمەڵایەتی:

**دەبووا لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە سەرجەم ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی تایبەتن بە کەمئەندامان و لە سلێمانی و هەولێر بوونیان هەیە، یەکبگرنەوەو ببنە یەک ڕێکخراو، بەڵام تائێستا یەکیان نەگرتۆتەوە**

## ـــان خۆیان بە "مەغدوور" دەزانن



